Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080318

# جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا

سازان ڕەزا موعین

بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی- زانکۆی سەلاحەددین

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا جۆرەکانی ڕستە لەزمانی ئاماژەدا خراونەتە ڕوو، لەڕێی شرۆڤەی وردی ڕستەکانەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەمووجۆرەکانی ڕستە بەپێی ناوەڕۆك و مەبەستەکان لەسیاقە جۆربەجۆرەکاندا خراونەتەڕوو کە نابیستان بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان خۆیاندا و، پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەوە بەکاریدەهێنن وبەیامەزمانییەجۆراوجۆرەکانی پێدەگوێزنەوە، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەزمانی ئاماژەی کوردی خاوەنی ڕێزمانێکی تایبەت بە خۆیەتی جیاوازە لەڕێزمانی زمانی گۆکراوی کوردی ،ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەڵەیەیە دەربارەی ڕێزمانی زمانی ئاماژە، کەدەگوترێت، ڕێزمانی زمانی ئاماژەی هەروڵاتێک لەسەرزمانە گۆکراوەکەی هەمان وڵات دادەڕێژرێتەوە، بێگومان ئەم بۆچوونەش بەبێ بوونی زانیاریی لەسەرزمانی ئاماژە سەری هەڵداوە.

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکی ودووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ چەند بابەتێک : پێناسەی چەند چەمکێک، ڕیزمان وئاستەکانی ڕێزمان و پێناسەی ڕستەو،خستنەڕووی بنەماسەرەکییەکانی ڕستە لەزمانی ئاماژەو دانانی یەکە ئاماژەییەکان لەزمانی ئاماژەدا. بەشی دووەمی توێژینەوەکە بۆخستنە ڕووی جۆرەکانی ڕستەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەپشت بەستن بە نموونە لە زمانی گۆکراوو وەرگێڕانێتی بۆزمانی ئاماژە بەجێبەجێکردنی یاسای ڕێزمانی تایبەت بۆدروستکردنی جۆرەکانی ڕستە لەزمانی ئاماژەدا. لەپاش ئەنجام تێبینییەکان و سەرچاوەکان دێت.

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

ڕستە، زمانی ئاماژە، جۆرەکانی ڕستە، ڕێزمانی زمانی ئاماژە

*Corresponding Author*

Sazan.moen@su.edu.krd

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (جۆرەکانی ڕستە لەزمانی ئاماژەدا) ،لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوڕۆکەوە (مەبەست) ،لەزمانی ئاماژەی کوردیدا،دیارە بابەتی ڕستەوجۆرەکانی بابەتێکی گرنگەو گەلێك زانیاری لەخۆی دەگرێت، هەر بۆیە لەڕووی پێکهاتنەوە لەم توێژینەوەیەدا نەخراوەتە ڕوو،تاوەکوبتوانرێت مافی زانستی بدرێت بەخستنەڕووی جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوەو شرۆڤەی تەواوی نموونە هێنراوەکان بکرێت لە میانەی بەشکانی توێژینەوەکەدا.

هۆکاری هەڵبژاردن وگرنگی بابەتی توێژینەوەکە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە خستنە ڕوویەکی زانستی و شرۆڤەیەکی وردی بنیاتی ڕێزمانیی زمانی ئاماژەی کوردییە.

زمان سەرچاوەیەکی سەرەکی وباوەڕپێکراوە کەزۆربەی توێژەران لەهەمووپسپۆڕییە جیاوازەکاندا، بۆگەیشتن بە ڕاستییەکان پشتی پێدەبەستن، ئەوڕاستیانەی کەنەگۆڕەو، بەبەڵگەی زیندووپشتڕاستدەکرێتەوە، زمانیش یەکێکە لەوڕاستییانە، زمانی ئاماژەش زمانێکی زیندووی ڕاستەقینەیە،زمانی یەکەم ودایکە سەبارەت بەکەسانی نابیست وچینی نابیستان لە هەمووجیهاندا،پێویستە توێژینەوەی زانستی لەسەرئەنجام بدرێت، بەئامانجی ڕۆچوونە قوڵایی زمانەکە و گواستنەوەی زانیاری وپرۆگرام وڕێزمانی ئەم زمانە بۆناوزمانی کوردی گۆکراوو دەرخستنی گرنگی ئەم زمانە کە لەڕووی گرنگییەوە هیچ لەزمانی گۆکراوی کوردی کەمتر نییە، توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە مایەی سوودبەخشین بە نابیستان وزمانەوانانی کوردوقوتابیانی نابیستە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

1-ئایا ڕێزمانی زمانە ئاماژە هەمان ڕێزمانی زمانە گۆکراوە؟

2-ئایا ڕێزمانی زمانی ئاماژەی کوردی هەمان یاسای ڕێزمانی زمانی گۆکراو پەیڕەو دەکات ؟

3-ئایا جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە هەمان شێوەو پێویستی زمانی گۆکراو بەرچاودەکەون ؟

**کێشەی توێژینەوەکە:**

زمانی ئاماژە لەپێکهاتەیدا زمانێکی دەوڵەمەندوئاڵۆزە وەکو هەموزمانە گۆکراوەکانی تری جیهان، سەرباری ئەم دەوڵەمەندی و ئاڵۆزییەی ، تەنیا چەند فەرهەنگێک کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن لەبەر جەستدان،تاڕادەیەکی زۆریش وشە ئاماژەییەکان لە فەرهەنگەکانی زمانی ئاماژەی عەرەبی وەرگیراون، ئەمەش ئەوڕاستییەمان دەخاتە بەردەست کە کەلێنێکی زۆر گەورە هەیە لە زمانەوانی زمانی ئاماژەی کوردیدا گەر بەراورد بکرێت بەزمانی ئاماژەی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی جیهان، دەردەکەوێت کە زمانی ئاماژەی کوردی پەراوێزخراوە وتائێستاش لەگەڵ زمانی جەستە تێکەڵ دەکرێت، زاراوەی زمانی جەستە لە بری زمانی ئاماژە بۆپەیوەندیکردن لای نابیستان بەکاردێت، لەلایەکی ترەوە قوتابیانی نابیست کێشەی گەورەیان ڕێزمان وخوێندنی بابەتە ڕێزمانییەکانە بەبەراورد بەقوتابیانی بیستەنی وبەباتێکی زۆرگران تەماشای دەکەن، چونکە ناتوانن بەراوردی بکەن بەڕێزمانی زمانی گۆکراو کە لە پرۆگرامی خوێندنگەدا دەخوێنرێت، هەروەکو سەلمێنراوەکە ڕێگای بەراوردکردن ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ فێربونی یاساکانی زمان و فێربونی زمانی دووەم . گەشەو دەوڵەمەندبوونی زمان بە دانانی یاسا ڕێزمانییەکان ونوسینەوەیەتی، ئەم یاسایانەش لەزمانی ئاماژەدا بوونی هەیە و نابیستان و، وەرگێڕەکان و، مامۆستایانی پەیمانگاکانیان لە کاتی کردەی پەوەندیکردندا پابەندن پێیەوە، بەڵام تا ئێستا بەهیچ شێوەیەک کاری لەسەر نەکراوەو هەوڵنەدراوە بنوسرێتەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆلاوازی ئاستی خوێندن ونووسین وپابەند نەبوونی قوتابیانی نابیست بە لایەنی ڕێزمانی زمانەوە وهۆکارێکی سەرەکییە بۆدانانی زمانی ئاماژە بەزمانێکی لاواز لە ڕووی ئاستی ڕێزمانەوە بەتایبەتی و زمانەوانی زمانی ئاماژە بەگشتی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی بەستراوە لە بەشی یەکەمدا، لە بەشی دووەمدا ڕێبازی شیکاری گیراوەتەبەر بۆ شیکردنەوەی نموونەکان لە زمانی ئاماژەدا.

**بواروسامپڵی توێژنەوەکە:**

بواری توێژینەوەکە، جۆرەکانی ڕستەیە لەزمانی ئاماژەی کوردیدا تەنها لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست جۆرەکانی ڕستە خراوەتەڕوو.

سامپڵی کات :- خۆی لە ڕێ وشوێنی تیۆری ومەیدانی دەبینێتەوە لە ماوەی مانگەکانی ساڵی (٢٠٢٠) دا.

سامپڵی شوێن :- بواری شوێن بۆ ئامادەکردنی ئەم تویژینەوەیە شاری هەولێرە .

سامپلی مرۆیی:- بۆ ئەم بوارە مامۆستایانی پەمانگای هیوای نابیستان و،مامۆستایانی ئامادەیی پیشەسازی کچان (بەشی نابیستان )،وچەند وەرگێڕێکی بە ئەزموونی زمانی ئاماژە و چەند قوتابییەکی نابیستن. وەکوسەرچاوەی زیندوو سوودیان لێوەرگیراوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی نموونەکانی زمانی ئاماژەی کوردی، لەهەردووڕەگەزی نێرومێی سەرووتەمەن (١٥) ساڵ.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لەپێشەکی وئەنجام ،لەدووبەشی سەرەکی پێکدێت :- بەشی یەکەمی توێژینەوەکە چەند تەوەرێکە لەوانە ،پێناسەی ڕێزمان و ئاستەکانی، پێناسەی ڕستە، خستنە ڕووی بنەماسەرەکییەکانی خستنە ڕووی ڕستە لەزمانی ئاماژەدا.

لەبەشی دووەمدا جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خراونەتەڕوو، بۆهەرجۆرێک نموونە لە هەردووزمانەکەدا هێنراوەتەوە بەمەبەستی تێگەیشتنی خوێنەرو نیشاندانی جیاوازی و گۆڕانەکان لە کردەی وەرگێڕاندا لە زمانی گۆکراوی کوردییەوە بۆ زمانی ئاماژەی کوردی .

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- ئاشناکردنی کۆمەڵ و چینی خوێندەوارانە بە زمانی ئاماژە و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی ئاماژە.

2- پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە لە ئارادا هەیە، سەبارەت بە زمانی ئاماژەو، هەژمارنەکردنی ئەم زمانە وەکو زمانێکی ڕاستەقینەو زیندوو.

3- دەرخستنی سەربەخۆیی ڕێزمانی زمانی ئاماژە و، تایبەمەندی یاساکانی دروستکردنی جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا.

**1.ڕێزمانی زمانی ئاماژە**

**1-1 ڕێزمان چییە؟**

توێژینەوەیەکی پێکهاتەیی زمانە، لە زمانی گۆکراودا، توێژینەوەی دەنگە، کە دەبێتە فۆرمی نواندنی وشەو ڕێگاکانی پێکهاتنی وشەیە لەناو ڕستەدا، بەم پێیە ڕێزمان سێ ئاستی هەیە کە ئەمانەن:

أ-فۆنۆلۆجیا/ زانستی گەیاندنی ئەرکی دەنگەکانە لەناو زمانێکی دیاریکراودا.

ب- مۆرفۆلۆجیا/ زانستی پێکهاتەی وشەو گەردانکردنیان دەگەیەنێت.

ج-ڕستەسازی/ زانستی پێکهاتەی ڕستەو جۆرەکانی دەگەیەنێت. William) .1994,210-211)

لە زمانی ئاماژەدا توێژینەوە لەسەر دەنگەکان دەگۆڕدرێت بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو توخمانەی کە ئاماژەکە پێکدەهێنن وەکو – شێوەی پیتەکان- شوێنی ڕاپەڕاندنی ئاماژەکان-ئەو شوێنانەی کە هێماکەو جوڵەکانی لەشی بەرهەم دەهێنرێت.هەر زمانەو ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە و دوو زمان نابینرێت کە هەموو یاساکانیان وەکو یەک بێت.

ئەوەی لەسەر زمانەکانی تر جێبەجێ دەکرێت، دەکرێ بگوترێت لە زمانی ئاماژەشدا هەمان شتە، کەواتە هەموو زمانێکی ئاماژە ڕێزمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و، جیاوازە لە یاساکانی ڕێزمانی زمانە گۆکراوەکەی هەمان ناوچە ، لەڕووی شێوەی دەست و پێکهاتەی ڕستەشەوە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە.(smith, D. 2007, 201-203) ،ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە ڕێزمانی هەر زمانێك لەوە زیاترە کە لیستێک بێت لە یەکەکانی ئاخاوتن (وشە) کان. (هەمان سەرچاوە، ٢٠٥)، لەم ڕووەوە دەکرێت دوو ڕستەمان هەبێت و هەمان یەکەی بەکارهاتوویان هەبێت، بەڵام دوو واتای جیاوازیان هەبێت بۆ نموونە:

1- أ پیاوەکە مارەکەی کوشت.

1- ب مارەکە پیاوەکەی کوشت.

ئەم دوو ڕستەیەش ئەوەمان پێدەڵێت کە زمان تەنها فێربوونی ژمارەیەک یەکەی ئاخاوتن (وشە) نییە، بەڵکو دەبێت چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو یەکانە لە ڕستەدا لە ڕووی لۆجیکییەوە بگونجێت، لەکاتی بەکارهێنانی پێکهاتەی هەر ڕستەیەکدا واتای ڕستەکە یەکەکانی بەکارهێنان هەڵدەبژێرێت، جگە لەوەش فرمانەکان هێزی هەڵبژاردن لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە.

**2-1 بنەما سەرەکییەکانی خستنەڕووی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا:**

بۆ ئەوەی ڕستەیەک بخرێتە ڕوو لە زمانی ئاماژەدا پێویستە ئەم سێ بنەمایە جێبەجێبکرێت:

أ-لانەدان لە ڕێزمانی پێکهاتەی ڕستە بەپێی مەبەستەکان (ناوەڕۆک) ەکان، وەکو (هەواڵگەیاندن، پرس، فەرماندان، داخوازی، سەرسوڕمان).

ب- هەڵبژاردنی یەکەکان لەناو یەکەکانی تردا بەپێی مەبەستی قسەکەرو گەیاندنی پەیام و هەواڵدان بۆ دروستکردنی کاردانەوە لەلای گوێگر بۆ نمونە:-

2-أ ئەو منداڵە جوانە.

2-ب ئەو منداڵە زۆر جوانە.

2-ج ئەو منداڵە زۆر زۆر جوانە.

لێرەدا جوانی یەکەی سەرەکییە، بۆگەیاندنی پەیامی سەرەکی ناوەڕۆك و مەبەستی پەیامەکە، دەبێت یەکەی تری بۆ هەڵبژێردرێت لەناو یەکەکانی (جوانیدا)، ئەویش (زۆر، زۆر زۆر)ە.

ج- هێزی فرمانی ڕستەکە بۆ هەڵبژاردنی تەواوکەرەکانی خۆی.

**3-1 پێناسەی ڕستە:**

لەگۆڕەپانی زمان ناسیدا ڕستە دەربڕینێکە لە زمانی سروشتیدا، ڕستە یەکەیەکی ڕێزمانی و پەیڤییە کە لەیەک یان چەند وشەیەک (هەروشەیەک نوێنەرایەتی چەمکێک دەکات، پێک هاتووە لە ڕستەیەک دەتوانێت بریتی بێت، لە چەند وشەی دەستە کراو بۆ دەربڕینی وتەیەک، پرسیارێک، سەرسوڕمانێک، داخوازییەک، فەرمانێک و ئەرکە سەرەکییەکانی ڕستە بریتین لە (بکەر، کار) بێ ئەم دوانە ڕستە پێک نایەت. ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٤ : ١٠٧).

سۆسێر دەڵێ: ڕستە باشترین نمونەیە کە پێکهاتەو دەوروبەر دەخاتەڕوو (صالح الفرماوی، محمد الشاوش، ٢٠٠٥: ٣٤).

ڕستە: یەکەیەکی پێکهاتەییە خاوەنی واتایەکەو ئازادە لە بیرۆکەو پەیوەندییەکانی بەستنەوەو جیابوونەوەو، دەوروبەر بەڕێوەی دەبات .( صالح بلعید، ٢٠٠٢: ٤٦).

کاتێک سۆسێر ڕستە بە باشترین نموونە دادەنێت بۆ خستنە ڕووی پێکهاتەودەوروبەر ئەمە وادەکات کە خودی ڕستە بەیەک دانە دابنرێت، هەروەها ئاماژە بە گرنگی پڕاگماتیک دەکات و پێی وایە دەوروبەر بەشێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی واتای ڕستە، بەڵام کاتێک سەیری پێناسەی دووەم دەکەین دەبینین کە ڕستە بە یەکەیەک هەژمار دەکات کە خاوەنی پێکهاتەییە، لێرەشدا لەگەڵ بۆچوونەکەی سۆسێردا یەک دەگرێتەوە کە ڕستە یەکەیەکە، هەروەها ئەم یەکە پێکهاتەییە خاوەنی واتایە و ئازادە، یەکێکیش لە مەرجەکانی ڕستە بوونی واتایەکی دیاریکراوە، سەربەخۆییەکی واتای خۆیەتی هەربۆیەش خاڵ لە کۆتایی ڕستەدا دادەنرێت، بیرۆکەو پەیوەندییەکانیش لەڕێگای ڕۆڵی دەوروبەرەوە بەڕێوەدەبرێت و ڕێکدەخرێت، لێرەشدا گرنگی بە پڕاگماتیک دراوە بەڕێگای ئاماژە کردن بە دەوروبەری ڕستە، کە فرە ڕەهەندو فرە لایەنەو زۆر شت لە خۆی دەگرێت کە لێرەدا جێگای باس نین. ڕستە یەکەی سەرەکی ئاخاوتنە کە وشەو مۆرفیمە بەند و ڕێزمانی و داڕشتن و مۆرفیمە ئازادەکان یەکەی پێکهاتەیی ئەم نموونانەن. گەر سەیری پێناسەکانی ڕستە بکەین دەبینین، لە گۆشە نیگای جیاجیاوە سەرچاوەیان گرتووە هەرئەمەش وایکردووە کۆمەڵناسێک و فیزیک ناسێک و زمانەوانێک بۆچوونیان جیا بێت لەدەستنیشانکردنی ڕستە دا، بەڵام تێکڕای پێناسەکانیش ناتوانن مافی تەواوی ڕستە بدەن بەو پێیەی هەموو فرمانێکیش ڕستەی تەواوە.

**4-1 دانانی یەکە ئاماژەییەکان:**

یەکەکانی ئاخاوتن لە زۆربەی زمانە گۆکراوەکاندا دادەنرێن، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی واتایی (هۆیی، یان شێوەیی، یان ئەرکی) لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەبێت، چونکە لەسەر بنەمای بیستن دانراون، بەو واتایەی کە یەکەکان لەناو زمانی گۆکراودا هەبوون و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوەو بەکار دەبرێن و هیچ پەیوەندییەکی ناولێنراوی لەنێوان دەنگەکان و ئەرکەکانیاندا نییە، بۆ نموونە (ماڵ) هیچ پەسنێکی ناولێنراوی لە یەکەکەدا بوونی نییە، ئەمەش وادەکات کە وشە بۆ مەبەستێک زیاتر بەکاربهێنرێت، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا لە بنەڕەتدا یەکە ئاماژەییەکان پشت بە پەسن و گێڕانەوە دەبەستن سەبارەت بەو یەکە ئاماژەییەی دەخرێتەڕوو ، بۆنموونە یەکەی ئاماژەیی (بۆ ماڵ) ئەوا وەسفی کرداری (لێدانی دەرگا)

بەڕێگای دەست دەخاتەڕوو، ئەم بەکارهێنانە ئاماژەییە تەنها بۆ دەربڕینی ئەم واتایە بەکاردێت.

**5-1 پۆلێن و چوونەپاڵیەک لە زمانی ئاماژەدا:**

وشەکانی زمانی کوردی لەڕووی پۆلێنکردنەوە بۆ (ناو، ئاوەڵناو، فرمان) پۆلێنکراون، هەریەکە لەوانەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لەڕووی پێکهاتەی زمانییەوە، لەناو ڕستەشدا پەیوەندییەکی ژیربێژی هەیە بۆ ئەوەی سەرجەم ڕستەکە واتایەکی لۆجیکی بگەیەنێت ئەم پەیوەندییە لۆجیکیەش یاساکانی ڕێزمان بەڕێوەیان دەبات. توێژینەوە زمانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەشێکی گەلێ زۆری زمانە گۆکراوەکان ڕێکخستنی بنچی وشەکانیان بەشێوەی (بکەر+بەرکار+کار) یاخود(بکەر+کار+بەرکار)ە. (Neidle: 2002, 71-98).زانایان و پسپۆڕانی بواری زمانی ئاماژەو وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆربەی ڕێزمانی زمانە ئاماژەکانی جیهان بەهیچ جۆرێک بەدوای ڕێکخستنی وشەکاندا ناگەڕێن، ئەگەر بشیکەن ئەوا بە دەستەواژەی زۆر ئاڵۆز ئاماژەی پێدەکرێت و باسی لێوە دەکرێت (Padden: 1990, 118-132).لێرەوە دەردەکەوێت کە زمانی ئاماژە زمانێکی نەرمە لە ڕێکخستن و چوونە پاڵیەکی وشە ئاماژەییەکانیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێت بەڕێگای جیاواز گوزارشت لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی زمانی ئاماژە بکرێت بەڕێگای کارە ئاڕاستەییەکان و پۆڵێنکراوەکان ئەمەش بەرێژەیەکی زۆر پشت بە دەوروبەری ئاخاوتن و زانیاری پێشینەو ناسینی دنیای ڕاستەقینە دەبەستێت، هەرکەسێک زانیاری لەسەر ئاماژە هەبێت و زمانی ئاماژە بزانێت یاخود مامەڵەی لەگەڵ نابیستاندا هەبێت ، هیچ کێشەیەکی نابێت لە تێگەیشتنی ڕستەیەکی وەکو:

3-أ (هەمبەرگر + منداڵ+ خواردن. ) ( زمانی ئاماژە )

3- ب (مناڵەکە هەمبەرگرەکەی خوارد.) (زمانی گۆکراو)

**6-1 زمانی ئاماژەو زمانی گۆکراو:**

زمانی ئاماژە زمانێکی سروشتییە بەشێوەیەکی ئاسایی و، بەپێی سەردەم گەشە دەکات لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە بەکاری دەهێنن، زمانی ئاماژە بنەمای وشەکانی پێکهاتەی ڕێزمانی لە چوارچێوە گشتیەکەیدا لە زمانەکانی تر دەچێت، بەڵام تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی هەیە لەڕووی سیستەم و ڕێزمانەوە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی و بەمەش لە زمانە گۆکراوەکان جیادەکرێتەوە. بەپێی توێژینەوە و ڕاوبۆچوونی شارەزایانی زمانی ئاماژەدا، ئەم زمانە هەمان تایبەتمەندی زمانە گۆکراوەکانی هەیەو، وەکو ئەوانیش گەشە دەکات، لەکاتێکدا هیچ یەک نە لە کەسانی ئاسایی (گوێگران) و نە لە نابیستان زمانی ئاماژەی سروشتیان دروست نەکردووە، بەڵکو سەدە لە دوای سەدە لەڕێگای بەکاربراوەکانی ئەم زمانەوە دروست بووە.زمانی ئاماژە زمانێکی گشتگیر نییە، بە واتایەکی تر یەک زمانی ئاماژە نییە کە لە لایەن یەک نابیستانی وڵاتی جیا جیاوە بەکاربهێنرێت. (ولیام stoke) لە توێژینەوەکانیدا کە لە سەرەتاکانی ساڵی(١٩٦٠) بڵاویکردۆتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی ئاماژە زمانێکی ڕاستەقینەو وردەکارە خاوەنی یاسا و بنەمای ڕێکوپێکە وەکو هەر زمانێکی گۆکراو دەکرێت تەماشا بکرێت. (بدر الدوخي) ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی لە نێوان زمانی ئاماژەو زمانی گۆکراودا هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە هۆکاری بەکارهێنانی بۆشایی و تێڕوانین (تەماشاکردن) و شێوازی زمانەکە لەڕووی شوێنکارییەوە بە مەبەستی خستنەڕووی هاوسەنگی کرداری ڕستەکە وەکو ( تەرخانکردنی ڕۆڵی کەسەکان و کەل و پەلەکان لەناو ڕستەدا) و بەکارهێنانی بۆ جووڵە بە مەبەستی خستنەڕووی گەردانکردن، ( زانیاری ڕێزمانی لەسەر گرتنەوەی کات و دابەشکردنی ڕووداوەکان) و بەکارهێنانیان بەشێوەی دەستی پۆلێنکراو( ئەمانە گوزارشت لەڕاناوەکان دەکەن و پەیوەستی دەکەن بەکردارەکانی ناو زمانی ئاماژە، هەروەها بەکارهێنانی بۆ گوزارشتەکانی ڕوخسار ،کە زانیاری ڕێزمانی هەڵدەگرن بەهاوکات لەگەڵ ئاماژەکردنەکەدا،هەروەها جیاوازی ناوچەکانی درکاندن (گۆکردن) دەخەنەڕوو، بەکارهێنانی شوێنی لە ڕێزمانی زمانی ئاماژەدا شتێک نییە کە لە زمانی گۆکراودا هاوتای بکات وەکو ئاماژەکردن بەبێدەنگی کێشانی هێمای پیتی (ش) لەسەر لێوەکان بۆ مەبەستی بێدەنگی.( بدر الدوخي، ٢٠٠٣: ٥٣-٥٦ ). (tony) دەڵێ مرۆڤ ناچێتە ناو جیهانی هێماکانەوە ئەگەر بێتوو پێشینەیەکی لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و شوێنی ئەو هێمایانەدا نەبێت (Tony: 200, 165-172).

چونکە هێما ناوەندگێڕێکە لەنێوان خود و شتەکەدا، بۆیە ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ هێماکەدا بکات ئەگەر بێتوو زانیاری لەسەر هێما کردنی خودی شتەکە نەبووبێت، وەکو بوونێکی ناتەواو، چونکە ئەو ناتەواویە ئاماژە بە بوونی شتەکە دەکات بەو مەرجەی ئەو هێمایە نیشانەیەک بێت کە پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان هێماو هێما بۆ کراودا هەبێت کە لەگەڵ زمان و کەلتورو ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایەدا بگونجێت.

ئەم هێمایانەش پەیوەندییەکی ڕۆشنبیری لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، بەپێی جیاوازی کەلتورو و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە جیاجیاکان، جگە لەوەش بەهێماکردن چەند واتایەک ئەکاتە سەرباری ڕووداو و شتەکان کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەو هێمایانە زیاتر بێت لەوەی کە تەنها ئاگاییەکی هەستی بێت ،(سميرسمرين-محمد بن علي، ٢٠١٠، ٤٦).

**7-1 چەمک و پێناسەی زمانی ئاماژە:**

دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ هێما تایبەتەکانی دەست و گوزارشتەکانی ڕوخسارو جوڵەکانی لەش کە نوێنەرایەتی هەندێ وشەو چەمک و بیر دەکەن بەتەواوەتی پشت بە هەستی بیستن و هێزی لێوردبوونەوە دەبەستێ، زمانێکی بینراوە ،بەڵام وێنەیەکی نییە پێی بنوسێتەوە واتە (ئاماژەکان).

**پێناسەی زمانی ئاماژە:**

زمانی ئاماژە / کۆمەڵەیەکە لە چەند سیستەمێک پێکدێت کە ئەو سیستەمانە بەپێی یاسای هەستی و بینراو و دەستی بەڕێگای هێماو چەمکەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و دەبنە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو واتاو زانیاریانەی کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت.(Roben:2005, 464-468)

زمانی ئاماژە زمانێکی تایبەتە بە کۆمەڵی نابیستان، ئەم زمانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەر وڵاتەو زمانە ئاماژەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پەیوەستە بە گەشەو ڕۆشنبیری و ژینگەی وڵاتەکەوە، لە لایەکی ترەوە وشە ئاماژەییەکان و پێکهاتە ڕیزمانییەکانی زمانی ئاماژەی وڵاتیک جیاوازە لە وشەو پێکهاتەی ڕێزمانی زمانی گۆکراوی هەمان وڵات، وەکو زمانی ئاماژەی کوردی، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە دیدوبۆچوون و دابوونەریت و کەلتورو ڕۆشنبیری تایبەت بەکۆمەڵی نابیستان و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

**8-1 تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاماژە و جیاوازی لەگەڵ زمانی گۆکراودا:**

**1-8-1 پەیوەندی لە نێوان ناوو ناولێنراودا:**

ئەوەی تێبینیکراوە لەزمانە گۆکراوەکاندا پەیوەندییەکی سروستی و نواندنی ڕوون نییە لە نێوان یەکە زمانییەکان و واتاکانیاندا ( ناو- ناولێنراو)، بۆنموونە وشەی (چیا) پێکهاتە دەنگی و زمانییەکەی لەو کۆمەڵە بەردو خۆڵە کەڵەکە بووە ناچێت کە خاوەنی بەرزی و لوتکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشەیە بۆ ئەو واتایە دانراوە کە نازانرێت پەیوەندییەکە (واتاییەکە) چۆن دروست بووە، کەواتە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی لە خۆوەیە یەکێك لە بیرە هەرە گرنگەکانی سۆسێر ئەوەیە کە زمانی مرۆڤ پێرەوێکی هێمایی تاریکی لە خۆوەیە(محمد معروف،2010: 120) تەنها ڕێکەوتنی کۆمەڵە لەسەر ناونان و بەکارهێنانی ئەو وشەیە وەکو وشەی چیا بەهای ئەم هێما زمانییە (چیا) و هێما زمانییەکانی تر بەندە بەرێکەوتنی ئەو کۆمەڵە زمانییە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن، لەسەر هیچ کام لە بنەماکانی دانانی هێماو واتا دانەنراوە، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا هەر یەکەیەک کە دادەنرێت پەیوەندییەکی (شێوە) وەکو فۆرمی دەرەوەی شتەکان،کەسەکان ،ڕووداوەکان،وەکو کێشانی وێنەی چوارگۆشەیەك کە هێمایە بۆ شێوەی خانوو بە گشتی. (ئەرکی)هێمای ئەو وشانەی کە ئەرکەکانیان زاڵە بەسەر شێوەکانیان،بۆ نمونە وشەی سڕین بەپێی ئەرکەکانی ئاماژەکەی دەگۆڕێت سڕینی مێز، سڕینی پەنجەرە، سڕینی تەختە کە هەرجارەو سڕینەکە ئاماژەیەکی دەبێت پەیوەستە بە ئەرکەکەوە. ،(نواندن)لاساییکردنەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و گیانداران وەکو ڕۆیشتن، نان خواردن، ڕاکردن...هتد. لە نیوانیاندا هەیە،چونکە ئەم زمانە زمانێکی پەسنییە وپشت بەوسێ بنەمایە دەبەستێت هەر بۆیە پەوەندییەکە ڕوون وئاشکرایە .

**2-8-1 هەمەجۆری لە پێکهاتەی زمانییدا:**

پێکهاتەی زمانیی زمانی ئاماژە هەمیشە بە ناو دەست پێدەکات پاشان یەکەکانی تری ڕستەکە دادەنرێت ،لەڕستەی زمانی ئاماژەدا زیاتر هەیە لەم حاڵەتەدا نیهادی سەرەکیەکەو پاشان ناوەکانی ترو دواتریش کارو بەشەکانی تر دێت، بە پێی جۆری پەیوەندییە ئاوەزییەکەی ناو مێشک ،چونکە زمانی ئاماژە پشت بە پەسنکراوەکان دەبەستێت بۆ تێگەیاندنی واتاکان و گەیشتنی پەیامەکان ئەو پەسنکراوانەش وێنەکانیان لەناو مێشک هەڵگیراوە.بۆ نموونە: کاتێک نابیستێک قسە لەسەر کەسێک بکات ،ئەوا سیفاتی ئەو کەسە (شێوە ،نیشانەیەکی تایبەت ،ڕەگەز،باڵا...هتد)وجۆری پەیوەندییەکە لەسەرەتادا ئاماژەی پێدەکات (ئەندامی خێزان ،خزم ،هاوڕێ ...هتد .)چونکە نابیست یەکەم شت کە بیری لێدەکاتەوە بنچینەی کەسەکەیە وپاشان پەوەندییەکانی ئەوکەسە بە کەسی تری لاوەکی بۆ بەدەست کەوتنی واتا و ئامادەکردنی وێنە و ئاماژەکە .بۆنموونە :

وشە ی (پور) لەزمانی ئاماژەدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێت:

نابیست بەئاماژەی (دایک )دەستپێدەکات پاشان ئاماژەی (خوشک)،پاشان تەواوکەردادەنرێت بەم شێوەیە:

دایک+خوشک +تەواوکەر.

کەواتە ڕستە لەزمانی ئاماژەدا هەمیشە بەناودەست پێدەکات،چونکە هەمووکاتێک قسە لەسەر بکەر دەکرێت،نەک کاریان تەواوکەر،ئەم کەرەستانە لەدوای بکەربەپێی مەبەستی قسەکەر دێن ودادەنرێن .

**3-8-1 شێوازی پەیوەندیکردن :**

یەکەم شێوازی بنەڕەتیی وپەیوەندیکردن لەزمانەگۆکراوەکانی دنیادا ناردنی پەیامەکانە بەدەنگ و(گۆکردن) وەرگرتنی پەیامیش بەگوێ (بیستن) .دووەم شێوازی پەیوەندیکردن لەزمانی گۆکراودا، بریتییە لە ناردن بە نووسین و وەرگرتن بەخوێندنەوە .بەڵام زمانی ئاماژە شێوازێکی زۆر تایبەتی هەیە لە پەیوەندیکردن وناردنی پەیامەکاندا کەخۆی دەبینێتەوە لە (جووڵەکانی لەش بەهەموو بەشەکانییەوە، دەست بەپەنجەکانەوە، چاوولێوبەجووڵەکانییانەوە، سەربەئاڕاستەکان وجووڵەکانییەوە )و وەرگرتنی پەیامەکانیش بە چاو. کەواتە زمانی ئاماژە تەنها کۆمەڵێک جووڵەی ئەوئەندامانە نییە کە خرایە ڕوو،بەڵکوپێکهاتووە لەکۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکی وکۆبوونەتەوە بۆپێکهێنانی زمانی ئاماژە.

**9-1 ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لەزمانی ئاماژەدا :**

١-دەستەکان (لە شێوەی دانانیاندا سەبارەت بەلەش،جووڵەکانی دەست ،ئاڕاستەی جووڵەکان ).

٢-هێزوتووندی جووڵەکان .

٣-چاو(ئاڕاستەی ڕوانین).

٤-لەش (جووڵەکانی ،ئاڕاستەی جووڵەکانی).

**2.بەشی دووەم: جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا:**

**1-2 جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە زمانی ئاماژەدا:**

1-ڕستەی هەواڵگەیاندن: کۆمەڵێك وشە ئاماژەن کە بابەت و زانیاری لەخۆدەگرن، ڕاستن یان ناڕاستن.

بۆنموونە:

4-أ مامۆستا شیلان نەخۆشە. ( زمانی گۆکراو)

4-ب شیلان+مامۆستا+نەخۆش. ( زمانی ئاماژە)

بۆ نموونە:

5-أ هەموو قوتابییەکان لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوون

5-ب قوتابی + هەموو+ تاقیکردنەوە + دەرنەچوون / زمانی ئاماژە

*** تێبینی: (1)**

بەشێوازی ئەرێ و نەرێ لە ڕستەی هەواڵگەیاندن لە زمانی ئاماژەدا هەیە لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا،

بۆنموونە:

6-أ منداڵەکە شەربەتەکەی نەخواردەوە. ( زمانی گۆکراو)

6-ب منداڵ +شەربەت+خواردنەوە+ئەو + کێشانی نیشانەی نەرێ بەدەست(X). (زمانی ئاماژە)

لە زمانی ئاماژەدا لەلای نابیستان مۆرفیمی ناسراو و نەناسراو بەکارناهێنرێت لەبری ئەو مۆرفیمانە ئاماژە بە (ئەو) یان (ئەم) دەکرێت لەبری مۆرفیمی ناسراوی (هکە) و (ێك).

***تێبینی: (2)**

لە زمانی ئاماژەدا ڕاناوەکان دەکەونە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام هەندێك جار ڕاناوەکان ئەگەر باسلێکراوی سەرەکی بن لە ڕستەکەدا دێنە سەرەتای ڕستەوە کە ئەمەش زۆر بە کەمی لەلای نابیستان بەدیدەکرێت. (سامی سعید،2006، 52).

**2-2ڕستەی پرس:** (Interrogative)

شێوازێکی دەربڕینی تری ڕستەیە لە زمانی ئاماژەداو داوا لە گوێگر دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لە چوارچێوەی وەڵامێکدا. (William,1994, 314)، ئەم شێوازەی ڕستە گەورەترین پانتایی گفتوگۆی نابیستان دەگرێتەوە، کە بەربەستی بیستنیان بێبەشی کردوون لە وەرگرتنی زانیاری و ئەمەش گومانی لە ئاخاوتنەکانی دەوروبەریان دروستکردووەو هەمیشە لە پرسیارکردندان سەبارەت بەناوەڕۆکی گفتوگۆکانی دەوروپشتیان بەتایبەتی لە گوزارشتەکانی ڕوخسار و ئەو جووڵانەی کە کەسانی بیستەنی لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنن و هەڵگری چەندین واتاو گوزارشت و چەمکن لەلای نابیستان، کە زۆر دوورن لە چەمکی کەسانی نابیستەوە.

لە زمانی گۆکراودا مۆرفیمەکانی پرسیارکردن دەستنیشانی ڕستەی پرس دەکەن و لە کۆتایی ڕستەی پرسیاردا نیشانەی پرسیار دادەنرێت، ئەگەر چی هەندێك جار لەکاتی ئاخاوتندا ڕستەی هەواڵگەیەنەر لە زمانی گۆکراودا بە ئاواز دەکرێتە ڕستەی پرس،لە زمانی ئاماژەدا نیشانەی پرسیار بە دوو جۆر دەبینرێت لەسەرەتای ڕستەی پرسیاردا دەبینرێت، هەندێك جاریش نیشانەی پرسیار لە کۆتایی ڕستەدا دێت، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە پرسیار لە شتێکی نادیار بکرێت،(سمير سمرين،محمد بنعلي،2009، 72). بەڵام ئەم یاسایە وەرگێڕەکان لە کاتی وەرگێڕاندا زۆربەی جار پابەندنین پێیەوە لەبەر ئەوەی لەژێرکاریگەری یاسای زمانی گۆکراودان. بەهیچ شێوەیەك ئاوازە لەلای نابیستان بەکارناهێنرێت بۆ گۆڕینی ڕستەی هەواڵی بۆ ڕستەی پرس، بەڵکو ئەو گۆڕینە لە شێوازی ڕستەکەدا بە گوزارشتەکانی ڕوخسار و جووڵەکانی سەر و مل ڕستەکە لە هەواڵگەیەنەرەوە دەکرێتە ڕستەیەکی پرس و شوێنی ئاوازە دەگرێتەوە لە زمانی درکاودا.

**3-2شێوازەکانی ڕستەی پرسیارکردن لە زمانی ئاماژەدا:**

لە زمانی ئاماژەدا شێوازەکانی پرسیارکردن بە بەراورد بە زمانی درکاو جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە کە هەندێك لەو شێوازانە لە زمانی درکاودا بەدیناکرێت و بەکاریش نایەت، لێرەدا بە وردی ئەو شێوازانە دەخرێنەڕوو:

أ-پرسیارکردن بە مۆرفیمەکانی پرس کە ئەمانەن:

1-کێ: بۆ پرسیارکردن لە کەس دێت لە زمانی ئاماژەدا، بەهەمان شێوەی زمانی گۆکراو:

بۆ نموونە:

7-أ کێ لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ کردیت؟ (زمانی گۆکراو)

7-ب ؟ + فرۆکەخانە + چاوەڕوانی + کێ (زمانی ئاماژە)

2-چی: مۆرفیمی پرسیارکردنە لە شت لە زمانی ئاماژەدا، بۆ پرسیارکردن لە شت بەم شێوە دەبێت:

نابیستان لە کاتی بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمەدا سەریان دەجوڵێننەوە و لێوەکانیان بە توندی بۆ ناوەوە دەبەن و چاوەکانیان بچوك دەکەنەوە و لەگەڵ ئاماژەکردن بەو شتەی کە پرسیاری لێ دەکەن تاوەکو گوێگر تێ بگەیەنن کە بابەتەکە ناڕوونەو پێویستی بە شرۆڤە هەیە بۆ تێگەیشتن.

8-أ ئەمە چی یە؟ زمانی گۆکراو

8-ب ( ئاماژەکردن بە شتەکە) + ئاماژەی سەر و لێو و چاو + جووڵەی سەر + نیشانەی پرسیار

3-کامە-کامیان: مۆرفیمی پرسیارکردنە بۆ هەڵبژاردن لەنێوان شتەکان و کەسەکان و شوێنەکاندا، لە زمانی ئاماژەدا ئەم مۆرفیمە لادەبرێ لە سیاقی گشتی ڕستەکەوە تێدەگەن لە واتای بنەڕەتی ڕستەکە و دەربڕینەکە بەم شێوەیە دەبێت:

9-أ بەکام یاریزان سەرسامیت؟ /زمانی گۆکراو

9-ب ؟ + یاریزان + خۆشەویستی + ( ئەم یان ئەو) + تۆ (زمانی ئاماژە)

10-أ کام قوتابییەیان زیرەکە؟ (زمانی گۆکراو)

10-ب ؟ + قوتابی + زیرەك + ( ئەم یان ئەو) (زمانی ئاماژە)

مۆرفیمی پرسی (کامە) لادەبرێ، بەڵام لە سیاقی ڕستەکەوە دیارە کە پرسیارکردنەکە بۆ هەڵبژاردنی یەکێکە لەو دوو قوتابییەی کە مەبەستە.

4-کەی: مۆرفیمی پرسیارکردنە لە کات (ڕۆژ و کاتژمێر) بۆ پرسیارکردن لە کات نابیستان بە دوو شێواز پرسیار دەکەن:-

أ-لەسەرەتای قسەکردندا پەنجەی دۆشاومژەیان دەخەنە سەر مەچەکی چەپیان لە شوێنی دانانی کاتژمێری دەست و پاشان کێشانی نیشانەی پرسیار لە هەواداو پاشان خستنەڕووی بابەتی مەبەست و بۆ نموونە:

***تێبینی: (3)**

11-أ کەی هەواڵەکە پەخش دەکرێت؟ (زمانی گۆکراو)

11-ب ئاماژەکردن بە کاتژمێری دەست + هەواڵ+ بڵاوکردنەوە + ؟ ( زمانی ئاماژە)

ب-کردنەوەی پەنجەکانی دەستی ڕاست و نیوە سوڕاندنەوەیان لەگەڵ جوڵاندنی سەر و پاشان خستنەڕووی پرسیارەکە.

بۆنموونە: کردنەوەی پەنجەکان و نیوە سوڕاندنیان+ جوڵاندنێکی کەمی سەر+ هەواڵ + بڵاوکردنەوە.

مۆرفیمەکانی دەستنیشانکردنی کات لە زمانی ئاماژەدا جیاوازی تێدەکەوێت بۆ نموونە ( ڕۆژەکانی هەفتە - مانگەکانی ساڵ)، ئاماژەکانیان جیاوازن بە پێوانە لەگەڵ ئاماژەکانی پرسیارکردن لە کات (کاتژمێرەکان)، بۆ نموونە کاتێ پرسیار لە ڕۆژی لە دایکبوون دەکرێت ئەوا قسەکەر پەنجەی دۆشاو مژەی ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر / گوێگر دەکات و شێوە بازنەیەکی پێ دروست دەکات وەکو ئاماژەکردن بە خاڵێك لە بازنەیەکدا (بازنەکە) هەفتەیەکە (خاڵە)کەش ڕۆژێکە لە ڕۆژەکانی هەفتە یان مانگێکی ساڵ.(باسم العطواني، مترجم، 2020)

12-أ کەی ڕۆژی لە دایکبوونتە؟ (زمانی گۆکراو)

12-ب ؟ + ئاماژەی دەست (دروستکردنی بازنەیەك) + منداڵبوون ( زمانی ئاماژە)

***تێبینی: (4)**

5-کوێ-لەکوێ:

مۆرفیمی پرسیارکردنە لە شوێن لە زمانی ئاماژەدا بەم شێوازەی خوارەوەیە:-

نیمچە کردنەوەی پەنجەکان بە ئاڕاستەی زەوی.(جۆن وترس، 2000، 47)

ئاماژەکردن بە پارچەیەك زەوی لە شوێنێکدا+ پاشان هەڵگەڕانەوەی بە هەمان شێوە کرانەوە + تەواوکەر.

13-أ لەکوێ ئاهەنگەکە دەگێڕن

13-ب لەکوێ + ئاهەنگ + کردن + ئێوە (زمانی ئاماژە)

6-چەند/ مۆرفیمی پرسیارکردنە لە بڕو چەندێتی.

لە زمانی ئاماژەدا کاتێ پرسیار لە چەندێتی (بڕ) دەکرێت لە سەرەتادا نیشانەی پرسیار لە هەوادا دەکێشرێت پاشان جوڵاندنی پەنجەکان لە

شێوەی ژماردن بە ئاڕاستەی بەرامبەر+ جوڵاندنی لێو لە شێوەی کردنەوەدا بۆ نموونە:

14-أ چەند قووتابی نەهاتوون؟

14-ب ؟ + جوڵاندنی پەنجەکان (چەند) + قوتابی + نەهاتن ( زمانی ئاماژە)

جوڵاندنی پەنجەکان لە شێوەی ژماردن بە واتای (چەند)ی مۆرفیمی پرس.

ب-پرسیاری ڕەوانبێژی:

ئەو پرسیارانەن کە قسەکەر چاوەڕێی وەڵام لە گوێگر ناکات، ئەو کەسەی پرسیارەکە دەکات خۆی نایەوێت زانیاری نوێی دەستکەوێت(احلام خربسات، مها حسین، 2005: 106)

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم پرسیارانە وەکو ئامرازێکی شێوازی هەژمار دەکرێت لە زماندا، چونکە بڵاونییە و تەنها بۆ سەرنج ڕاکێشانە، لە زمانی گۆکراویشدا ئەم شێوازی پرسیارکردنە لای گوتاربێژان و بانگخوازانەوە زۆر بەکاردێت (محمد سعید،2009، 94-96) ،بۆ مەبەستی سەرنج ڕاکێشان و دەربڕینی ڕای جیاواز و دژ و نارەزایی بەکاردێت.

بۆ نموونە:

15- وادەزانی ئەم کارەی تۆ دەیکەی کارێکی باشە؟

لەم نمونەیەدا نارەزایی و جیاوازی بیرکردنەوەو دژی کارەکە دەردەکەوێ کە پەسنی کردارەکە کراوە، کە کاری لەوە باشتر هەیە، هەرچەندە ئەم شێوازی گفتوگۆیە فۆرمەکەی پرسیارە و پێویستی بە وەڵام هەیەو وەڵامەکەی بە (بەڵێ – نەخێر)ە. بەلام قسەکەر بە وەڵامەکەی گوێگر بێزاردەبێ و نایەوێ گوێگر وەڵام بداتەوە بەتایبەتی ئەگەر بە بەڵێ بێت (احلام خربسات، مها حسین، 2005: 106). ئەم شێوازەی تری پرسیارکردن لە زمانی ئاماژەدا زۆر بڵاوەو بەکاردێت، بەڵام بۆ چەند ئەرکێکی جیاواز:

1-دەتوانرێ لەبڕی ڕستەی مەرج بەکاربێت. بۆ نموونە:

16-أ ئەگەر دەتەوێ سەرکەوتوو بیت بخوێنە. ( زمانی گۆکراو)

16-ب خوێندن + ناجح بوون + تۆ (زمانی ئاماژە)

17-أ گەر ئارەزووی چا دەکەیت دابنیشە. (زمانی گۆکراو)

17-ب چا + خۆشەویستی + دانیشتن+ تۆ (زمانی ئاماژە)

بۆ ئاماژەکردن بە دەستەواژەی( چا خۆشەویستی) هەردوو برۆ بەرز دەکرێنەوە، لەگەڵیدا سەر نزم دەکرێتەوە بەلایەکدا خوار دەکرێتەوە بۆ ئاماژەکردن بە دانیشتن.

2-بەکارهێنانی شێوازی دووەمی پرسیاری ڕەوانبێژی، وەکو وەرگێڕانێك وایە بۆ ئەو وشانەی کە لە بەرامبەریاندا لە زمانی ئاماژەدا ئاماژەیان نییە، وەکو وشەکانی (بەیارمەتی-بەکارهێنان-بەهاوکاری-بەم ڕێگایە) لەگەڵ بەکارهێنانی مۆرفیمی پرسی (چۆن) لە کۆتایی ئاخاوتنەکەدا.

بۆ نموونە:

18-أ من هەمیشە بە کەوچك نان دەخۆم. (زمانی گۆکراو)

پرسیار=قسەکەر/ 18-ب هەمیشە+نان+خواردن+چۆن + من؟ وەڵام= قسەکەر/ من کەوچك

قسەکەر خۆی پرسیار دەکات و خۆشی وەڵامی خۆی دەداتەوە.

بۆنموونە:

19-أ تۆ بەشێوازێکی پێکەنیناوی هەنگاو دەنێیت.

پرسیار= قسەکەر /19-ب ڕۆیشتن+چۆن + تۆ ؟ وەڵام = قسەکەر / لاساییکردنەوەی ڕۆیشتنەکە.

3-بەکارهێنانی سێیەم، بریتیە لە دووبارەکردنەوی پرسیارەکە لەلایەن گوێگرەوە بەلام لەخۆی دەپرسێ.

2-أ تۆ ئارەزووی چی دەکەیت؟ (قسەکەر زمانی گۆکراو)

20-ب ئاماژەی (چی بەدەست) + خۆشەویستی + ؟ (زمانی ئاماژە)

21-أ من حەز لە چی دەکەم؟ (قسەکەر زمانی گۆکراو)

21-ب ئاماژەی (چی بەدەست) + خۆشەویستی +من+ ؟

(زمانی ئاماژە)

بەرزکردنەوەی برۆکان خوارکردنەوە سەر بە لایەکدا و گێڕانی چاوەکان بەم لاو ئەولادا بۆ ئاماژەکردن بە بیرکردنەوە لە پرسیارەکە کە خۆی لە خۆی کردۆتەوە.

ج-پرسیارکردن لە هۆ (سەبەب):

ئەم شێوازە پرسیارکردنە لەلای نابیستان لە بری مۆرفیمی پرسی (بۆ – بۆچی)بەکاردێت ئاماژەی( سەبەب) لە کۆتایی ڕستەکەدا دادەنێن و مۆرفیمی پرسەکە لادەبرێ و بەکارنایەت: بۆ نموونە:

22-أ تۆ بۆ دڵتەنگی؟ (زمانی گۆکراو)

22-ب دڵتەنگ + تۆ + (سەبەب) ( زمانی ئاماژە)

مۆرفیمی سەبەب (هۆ)بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکرێت:

دەستی چەپ بە ئاڕاستەی بەرامبەر ڕادەگیرێت و پەنجەکان دەخرێنە سەر یەك وەکو دیوار پەنجەی ئەسپێ کوژە بە ستوونی لەسەر پەنجەکانی تر ڕادەگیرێت، پاشان دەستی ڕاست بە هەمان شێواز دەهێنرێتە دەخرێتە نێوان پەنجەی ئەسپێ کوژەی ڕاوەستاو و چوارپەنجەکەی تر کە جووتن لەگەڵ یەکدا بۆ ئاماژەکردن بە هۆکار ( سەبەب).(جون وترس ، 2000، 48).

د-شێوازی وەڵامی کورت بۆ پرسیارکردن: (احلام خربسات، مها سعید، 101).

ئەو ڕستەی پرسانەن کە مۆرفیمی وەڵامدانەوەی (بەڵێ – ئا – نەخێر – نا) دەبێتە وەڵام بۆیان، وەڵامەکان بەم شێوازانە دەبن.

- وەڵام بە (بەڵێ):

23- وەڵام بە ( بەڵێ): نزمکردنەوەی سەر بۆ خوارەوە واتای بەڵێیە.

24- کێشانی نیشانەی ( √) لە هەواداو لەلای شانەوە.

- وەڵام بە (نەخێر):

25- بەرزکردنەوەی برۆکان بەیەکەوەو بەیەك جووڵە.

26- بەرزکردنەوەی سەر و چەناگە بەیەك جووڵە.

27- کێشانی نیشانەی (X) (هەڵە) لە هەوادا لەلای شانەوە.

28- جوڵاندنی دەست و سەر بە پێچەوانەی ئاڕاستەی یەکتر گەر سەر بۆ لای ڕاست بجوڵێت ئەوا دەستی بە ئاڕاستەی لای چەپ دەبات لەگەڵ بەرزکردنەوەی پەنجەی دۆشاومژە لە ئاستی ڕوخساریدا و جوڵاندنی پەنجەی دۆشاومژەی بەلای ڕاست و چەپدا بۆ ئاماژەکردن بە وشەی (هەرگیز).

**2-4ڕستەی فەرماندان:** (Imperative sentence)

فەرماندان واناسراوەکە شێوازێکە بۆ جێبەجێکردنی کارێك یان داوای جێبەجێکردنی کارێك لە گوێگر دەکرێت بەئامراز یان بەبێ ئامراز هەروەکو، ابن یعیش دەڵێت: ( داواکردنی کردنی کارێك بەشێوازێکی تایبەت کە قسەکەر ئەگەر لەسەر و گوێگرەوە بێت، ئەوا فرمانە ئەگەر هاوتەریب بوون ئەوا داخوازییە ، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت ئەوا پاڕانەوەیە) ، کەواتە

شێوازەکە فەرمانەو جێبەجێکردن کارێکە بەپێی تەمەن و پلەوپایە، ئەم ئەرکە خۆی لە ترس و پاڕانەوەو داخوازی بۆچوون و ئامۆژگاری چەند واتایەکی تری شێوازی فەرماندا دەبینێتەوە.(حسام احمد، 2007، 42)

زمانەوانە کوردەکان بەم شێوەیە پێناسەو دابەشیان کردووە:

د. عبداللە حسین دەڵێت: فەرماندان ئەرکی سەرەکی ڕستەیە ، ئەرکی فەرماندان و داخوازی ئەوەیە کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات کارێکی بۆ ئەنجام بدات ئەم ئەرکەش دەکات بەسێ بەشەوە: ( عبداللە حسین، 2014، (51-50

1-فەرماندان – دەیکاتە فەرمانی بەهێز-فەرمانی بەڕێز -خۆزگەیی.

2-داخوازی.

3-خۆزگەیی.

د.نەریمان خۆشناو بەم شێوەیە پێناسەو دابەشی کردووە: ڕستەی فەرماندان بەو ڕستانە دەگوترێت کە کەسی یەکەم واتا قسەکەر داوا لە کەسی دووەم واتا گوێگر دەکات کارێك ئەنجام بدات ، یان ئەنجام نەدات. بەم شێوەیە دابەشی کردووە: (نەریمان خۆشناو،37،2016)

1-فەرماندانی بەهێز.

2-فەرماندانی بێ هێز (بەڕێز).

کەواتە ڕستەی فەرماندان ئەو ڕستانەن کە داواکاری بەجێهێنانی کارێکیان تێدایە لەکاتی ئێستاو داهاتوودا لەوانەیە لە شێوەی ئامۆژگاریەکی خۆشەویستی-یان زانیاری سەرەکی،یان فەرماندانی بێهێز و فەرماندان بەهێز دابێت .(Stevenpinker,2003,121-123)

بۆ نموونە:

29- تکایە دەرگاکە دابخە با مێروو نەیەتە ژوورەوە. (ئامۆژگاری)

30- بەلای ڕاستی پردەکەیا بسوڕێوە. (زانیاری)

31- وازبێنە لە بێزارکردنم. ( فەرمانی بێ هێز)

32- پێم گوتی بێدەنگ بە. (فەرمانی بەهێز)

لە زمانی ئاماژەدا تەنها یەك شێوازی ڕستەی فەرماندان هەیە کە ئەویش فەرماندانی بەهێزە،لەڕێزمانی زمانی ئاماژەدا ئەم جۆرەی ڕستە زۆر بەکاردێت ، چونکە نابیستان وەکو کەسانی بیستەنی ڕەچاوی پلەوپایەو تەمەن ناکەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ فەرمانی کردنی کارەکە دەردەکەن. لەگەڵ بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی (دەبێت-پێویستە) گوزارشتی ڕوخساری توڕەدا برۆکان جووت دەکرێن و لێوەکانیش بە توندی دەخرێنە سەر یەک بۆ نموونە:

33- أ گڵۆپەکە بکوژێنەوە. ( زمانی گۆکراو)

33-ب گڵۆپ+ کوژاندنەوە + تۆ

(زمانی ئاماژە)

گەر گوێگر لە کەسێک زیاتر بوو ئاماژە بە کەسی مەبەست دەکرێت (گوێگر)کە (تۆ)یە.

٢- ڕستەی داخوازی: قسەکەر لەڕووی پلەو پایەو تەمەنەوە یان بچوکترە یان هاوتەمەنی گوێگرە ، یاخود قسەکەر دەیەوێت ڕێز نیشان بدات هەرچەندە هاوتەمەن یان بچوکتریش بێت، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ پێشاندانی ڕێز (تکایە-بەئەرک نەبێت-گەر دەتوانی...هتد)، لە زمانی ئاماژەدا ئەم جۆرەی ڕستە لە شێوازی پاڕانەوەو خۆشەویستیدا خۆی دەنوێنێت ، بۆ نمونە بەکارهێنانی ئاماژەی (سڵاوکردن بەشێوازی هندی) بۆ دەربڕینی مۆرفیمی تکایە لە زمانی ئاماژە کە نابیست هەردوو دەستی بە جووتکراوی لەسەر سنگی دادەنێت وەکو:

34-أ تکایە ئەم شوێنە بەجێ بهێڵە (زمانی گۆکراو)

34-ب ئاماژەی تکایە (سڵاوی هندی) +ئێرە +ڕۆیشتن +تۆ

( زمانی ئاماژە)

لە شێوازی پاڕانەوەدا پەنجەکان کۆدەکاتەوەو دەیخاتە ناو دەمی لەگەڵ ئاماژەکانی تری ڕستەکەدا.

35- أ دەرگاکە دابخە

( زمانی گۆکراو)

35-ب ئاماژەی پەنجەی کۆکراوە بۆ ناو دەم+دەرگا+داخستن + تۆ

( زمانی ئاماژە)

یاخود بەکارهێنانی ئاماژەی (لەبەر من ) ، (لەبەر خاتری من) بەدەست خستنە سەر ڕیش و هێنانە خوارەوەی بە ئاڕاستەی چەناگە لەگەڵ گوزارشتی ڕوخسار لە شێوەی خۆهەژارکردن و بێ چارەییدا( سەمیرە لەشکری، وەرگێر،2020). بۆ نموونە:

36- ئاماژەی دەست خستنە سەر ڕیش +دەرگا+داخستن +گوزارشتی ڕوخسار.

هەرچەندە مۆرفیمە ئاماژەییەکانی ڕستەی داخوازی لە زمانی ئاماژەدا هەیە و ناوەڕۆك و مەبەستی ڕستەکان دەردەخات، بەڵام نابێت ڕۆڵی گوزارشتەکانی ڕوخسار لەبیر بکرێت، جیاوازی لەم گوزارشتانەی ڕوخسار دا هەندێ جار دەبێتە جیاکەرەوەی سەرەکی جۆرەکانی ڕستەو مانای وشەکان و واتای ڕێزمانی جیاواز دەبەخشێت، هەروەکو گوزارشتی ڕوخسار لە کردەی داخوازیدا گەر مۆرفیمە ئاماژەییەکانیش بەکار نەیەت ئەوا گوزارشتەکان واتاکان دەردەخەن.

**5-2 نەرێکردنی داواکاری و فەرماندان لە زمانی ئاماژەدا:**

کێشانی ئاماژەی هەڵە لە هەوادا (X) بۆ نەکردنی کارێک-فەرماندانی بەهێز

37-أ دەرگاکە دامەخە.

(زمانی گۆکراو)

37-ب دەرگا+داخستن + نەکردن (X ) ( زمانی ئاماژە)

کێشانی ئەم ئاماژەیە (هەڵە ، X) لەلای نابیستان بەواتای نەرێکردن و چەمکی هەڵەدێت،هەرچەندە لە زمانی درکاودائەو شێوازە بۆ نەرێکردنێکی بەهێزە، بەڵام گەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئاماژە ئەوا دەبێتە ڕستەیەکی داخوازی شێوازی نەرێ گەر گوزارشتەکانی ڕوخساری لەگەڵدانەبێت وەکو جوتکردنێکی توندی برۆکان و ئاماژەکردن بە دەست بۆ شوێنی نەکردنی کارەکە بە شێوەیەکی توند و خێرا.

38- جوڵاندنی پەنجەی دۆشاومژە بە ئاراستەی ڕاست و چەپ دا. فەرماندانی بەهێز.

39- بەرزکردنەوەی بە کراوەیی و بەرامبەر قسەکەر و جوڵاندنی بەم لاو ئەولادا وەکو ( ئاماژەی خوداحافیز) لە زمانی گۆکراودا بۆ بەرگریکردن لە خۆی و ڕەتکردنەوەی ئەو کارەی پێی دەسپێرێت.

40- بەرزکردنەوەی هەردوو برۆ دەنگ دەرکردن بە زمانی وەکو دەربڕینی دەنگی ( چ ) .(احلام خربسات،مها حسین ،٢٠٠٥، ١٠٩).

41- هەڵتەکاندنی شانەکان کە لە زمانی گۆکراویشدا بەهەمان شێوە ئاماژەیە بۆ نەرێ کردن و ڕەتکردنەوە.

42- بادانی سەر بەتەنها لەگەڵ جووتکردنی برۆکان هێنانە پێشەوەی لێوەکان جووتکردنیان جولاندنی پەنجەی دۆشاومژەش لەگەڵیدا.(عاطف عبدالله،سمیر ممدوح،٢٠١٢، ١٣٥).

**6-2ڕستەی سەرسوڕمان:**

ئەو ڕستانەن کە ئاماژە بە سەرسوڕمان و تێڕامان دەکەن لەلایەن قسەکەرەوەو لە کاتی هەڵچوونیدا کە شتێک یان بارێکی ناوازە دەبینێ یان گوێی لێدەبێت.(حسام أحمد،2007، 47). ڕستەی سەرسوڕمان کردارێکی زمانییە قسەکەر لە شێوەی ڕستەدا دەری دەبڕێت بەگوزارشتکردن لە سەرسوڕمانی لە شتەکان و ڕووداو و کەسەکانی دەوروبەری بەشێوەی باش (جوان)خراپ (ناشرین) بۆ نمونە:

43-بەهار چەند جوانە!

44- زۆر بلێی چەند ناشرینە!

ئەم جۆرەی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا، بەهەمان ئاست و پێویستی زمانی گۆکراو بەرچاو دەکەوێت و، نابیستان بێگومان هەستی خۆیان بەرامبەر دەوروبەر و بارودۆخەکان دەردەبڕن بەڵام بە ئاماژەو گوزارشتی ڕوخساری جیاواز لە زمانی گۆکراو کە گوزارشتەکانی ڕوخسار تووندتر و ئاشکراتر دەردەکەون کە ئاماژەکان بەسەرسوڕمان و تێڕامان زیاتر مانادارتر دەکەن، ڕستەی سەرسوڕمان لە زمانی ئاماژەدا بەچوار شێوە دەبینرێت:

١-سەرنج ڕاکێشان:

بەکارهێنانی نیشانەی سەرسوڕمان لە سەرەتای ڕستەدا بۆ سەرنج ڕاکێشانی زیاتری بەرامبەر (گوێگر) بۆ لای ئاخاوتنەکەی.

45-أ جلەکانت چەند جوانن!

45- ب ! جل + جوان+ تۆ.

٢-دەربڕینی بەهێز-سەرسوڕمانی بەهێز:

کێشانی هەردوودەست بەسەری خۆیدا (نابیست)و جولاندنی لێوی لە شێوەی دەربڕینی پیتی (پ) درکاندنێکی وەکو (پەکو) بۆ نموونە:

46-أ ئەو ئاگرە چەند تەشەنەی سەندووە! ( زمانی گۆکراو)

46-ب پ + ئاماژەی دەستکێشان بەسەریدا+ئاگر +زۆر +بەرزبوونەوە ( زمانی ئاماژە)

ئەم سەرسوڕمانەش لە زمانی ئاماژەدا هەست دەربڕینێکی بەهێزەو سەرسوڕمانەکە زۆر بەهێز دەبێت. (سەمیرە لەشکری،وەرگێر،٢٠٢٠)

٣-سەرسوڕمانی مام ناوەند:

بۆ دەربڕینی هەم هەستە نابیست دەستێک دەکێشێت بەسەر سنگی خۆیدا یان یەک دەست بە سەریدا دەدات ،بۆ نموونە:

47-أ شیلان نمرەی کەمی هێناوە. ( زمانی گۆکراو)

47-ب هەردوو ئاماژە ( دەست لەسەر (سەر یان سنگ) + شیلان + نمرە + کەم ( زمانی ئاماژە)

٤-سەرسوڕمانێکی ئاسایی/ هەست دەربڕینێکی کەم تارادەیەك ئاسایی، بۆ دەربڕینی ئەم هەستە نیشانەی سەرسوڕمان لە کۆتایی ئاخاوتنەکە بەدەستیان (نابیستان)لە هەوادا دەکێشن (شادیە ئەسوەد،وەرگێر،٢٠٢٠)

**ئەنجام:**

1-ریزکردن ودانەپاڵییەک ورێکخستنی وشە ئاماژەییەکان جۆرێك لەسەربەستیان تیادا بەدیدەکرێت.

بۆ نموونە:

منداڵەکە کتێبەکەی دڕاند. (زمانی گۆکراو)

کتێب + منداڵ + دڕاندن + ئەو.

(زمانی ئاماژە)

٢:- لە دروستکردنی ڕستەدا لەزمانی ئاماژەدا هەندێ جار وشەئاماژەییەکانیش دەگۆڕدرێنەوە بە هاوواتاکانیان بەپێی گونجاندنیان لەناوسیاق ئاخاوتنەکەدا ،ئەم کردەیەش لەوبارانەدا دەبێت کە وشە ی ناوسیاقەکە لە لای نابیست نەناسراو بێت بەو واتایەی لە بەرامبەریدا لەزمانی ئاماژەدا،ئاماژەی بۆدانەنرابێت ،بۆنموونە :-

مەزن .............. گەورە

تاوان.................گوناح

پاکیزە................پاک

پێشوازی............بەخێرهاتن –چاوەڕوانی (ڕستەی 7 – ب)

سەرسامبوون........... خۆشە ویستی

پەخشکردن..............بڵاوکردنەوە .

٣-ڕێزمانی زمانی ئاماژە مەرج نییە هەمان ڕێزمانی زمانە گۆکراوەکەی ناوچەکە ،یان وڵاتەکە جێبەجێ بکات ورێزمانی زمانە ئاماژەکەی لەسەرداڕێژرێتەوە ،بەڵکو زۆربەی کات هیچ پەیوەندییەکی بەزمانی گۆکراوەوە نییە ،هەروەکو ڕێزمانی زمانی ئاماژەی کوردی و ڕێزمانی زمانی ئاماژەی عەرەبی .

٤- جۆرەکانی ڕستە لەزمانی ئاماژەی کوردیدا لەرووی ناوەڕۆکەوە هەموویان بەدیدەکرێن وبەکاردێن لەکردەی پەیوەندیکردندا،بەڵام رستەی پرسیارکردن وشێوازەکانی ئەم جۆرەی رستە پانتاییەکی فراوانی وەرگرتووە ،بەبەراورد بە جۆرەکانی تری ڕستەو بەزمانی گۆکراو،هۆکارەکەشی پەیوەستە بە وئارەزووە بێ سنورەی نابیستان لە وەرگرتنی زانیارییە بێشومارەکانی دەوروبەریان ،کەبەشێوەیەکی بەرچاولێی بێبەشبوون ،بەهۆی لەدەستدانی هەستی بیستنیان ،ئەمە لەلایەک ،لەلایەکی ترەوە وردی تێڕوانین ولێوردبوونەوەیان لە دیاردەو،ڕوداووڕەفتاروگوزارشتی ڕوخساری کەسانی ژینگەی دەوروپشتیان ،کە ئەمانە هەمووی دەبێتە سەرچاوەی پرسیارکردن بەشێوازە جیاکان ودروستکردنی ڕستەی پرسیار.

٥-لەزمانی گۆکراوی کوردیدا، جگە لەمۆرفیمەکانی پرسیارکردن کەواتای پرسیارکردن ڕادەگەیەنن ،ئاوازەش هەمان ڕۆڵ دەبینێت ،لەزمانی ئاماژەشدا بەهەمان شێوەمۆرفیمەکانی پرسیارکردن واتای پرس ڕادەگەیەنن ،هەروەها گوزارشتەکانی ڕوخساروئاماژەبێچپەکان هەمان ڕۆڵ دەبینن .

٦-مۆرفیمەکانی وەڵامی پرسیارکردن (بەڵێ ،نەخێر ) بەکورتترین ڕستە دادەنرێن .

٧- شێوازی پرسیاری (بەڵێ ونەخێر) بە سێ ڕێگا وەڵام دەدرێنەوە.

٨- نیشانەی ڕاستە گەر بخرێتە کۆتایی ڕستەی هەواڵگەیاندنەوەولەگەڵیدابرۆکان بەرزبکرێتەوە ،ئەوا واتای ڕستەکە لەهەواڵگەیاندنەوە دەکاتە ڕستەی پرسیارکردن بەواتای (وانییە ؟) .

خانووەکەتان دووقاتە وانییە ؟ ( زمانی گۆکراو)

خانوو + 2 + قات + ئێوە + نیشانەی ڕاست (√)

٩- ڕستەی سەرسوڕمان لەزمانی ئاماژەدا سێ پلەی هەیە .

١٠_هەندیک جار لە جۆری ڕستەی داخوازی وفەرماندان ،گەرفەرمانەکە زۆربەهێزبێت ،ئەوا ڕستەکە لەفەرماندانەوە دەبێتە ڕستەیەکی سەرسوڕمان بۆدەربڕینی هەست وسۆز.

11-ڕاستکردنەوەی هەڵە لە زمانی ئاماژەدا لەلایەن قسەکەرەوە زۆر هەستی پێناکرێ وەکو ئەوەی لە زمانی گۆکراودا هەیە کە لەلایەن گوێگر یان بیسەرەوە هەستی پێدەکرێ.

12-ناوبڕی نێوان زمانی یەکەم و دووەم لە زمانی ئاماژەدا زۆر هەستی پێناکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەو ناوبڕە لەنێوان زمانێ و توانستدا هەستی پێناکرێت.

**تێبینییەکان:**

(1) لە زمانی ئاماژەدا جێگۆڕکێی وشە ئاماژەکان ئارەزوومەندانەیە لە هەردوو زمانی قسەکردن و زمانی نوسینیشدا، ژمارەیەکی زۆر کەمی نابیستان لە نوسیندا پابەندن بە یاساکانی زمانی گۆکراوەوە، هەر بۆیە کام لە وشە ئاماژەکان هەواڵی گرنگی ناو سیاقەکەی تێدابێت سەبارەت بەهەردوو لا ئەو وشە ئاماژەیە دەکرێتە سەرە بە زۆری ئەو وشە ئاماژەیەکەش لە بەشی نهادی ڕستەکەدایە ئەم جێگۆڕکێیەش بەهیچ شێوەیەك کار لە واتای سەرەکی ڕستەکە ناکات بە پێچەوانەی زمانی گۆکراو کە زۆربەی کات ئەم جێگۆڕکێیە واتای ڕستەکە دەشێوێنێ.

(2) جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە (منداڵ)هکە کە لە بەرامبەریان لەناو چەند منداڵێکی تردا بێت لەبڕی (هکە) ی ناسیاری زمانی گۆکراو و هەمیشە قسەکەر خۆی سەرچاوەی زانیاری گەیاندنە.

(3) زاراوەکانی پەنجەکانی دەست و (ناوانی پەنجەکان) لەگەڵ هەندێ لە جوڵەکانی لەش لە فەرهەنگی کەڕو لاڵان (2000) وەرگیراوە.

(4) وشەی لە دایکبوون هەمان ئاماژەی منداڵبوونەو هەتا ئێستا هەر ئەو ئاماژەیە بۆ هەردووکیان بەکاردێ کە لێرەدا وشەکە دەبێتە فرەواتا.(شادیە مەجید، وەرگێڕ، 2020).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


1- ئەورەحمانی حاجی مارف، 2004، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی،سلێمانی.

2- د.عبداللە حسین 2014، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی ،چ3 ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان-هەولێر.

3- سەمیرە لەشکری، پەیمانگای هیوای نابیستان، مامۆستا و وەرگێڕ، 2020.

4- شادیە مەجید ،دواناوەندی پیشەسازی کچان، بەشی نابیستان، مامۆستا و وەرگێڕ، 2020.

5- شکۆفە صادق، دواناوەندی پیشەسازی کچان، بەشی نابیستان، مامۆستا و وەرگێڕ، 2020.

6- (نەریمان خۆشناو،2016، ڕستەسازی، ،چاپی دووەم، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

7- فەرهەنگی کەڕولاڵان ، 2000، جۆن وترس، وەرگێڕانی عبداللە رحمان.

8- فەرهەنگی ئاماژە بۆ نابیستان،2013، بەشی کوردی،عەرەبی، چ1، هەولێر.

9- فەرهەنگی ئاماژە بۆ نابیستان،2013، بەشی کۆمەڵایەتی، چ1، هەولێر.

10- فەرهەنگی ئاماژە بۆ نابیستان،2013، بەشی ئاین، چ1، هەولێر.


**به زمانی عەرەبی:**


11- (احلام خريسات،مها حسين، (2005:مدخل الى قواعد لغة الأشارة الأردنية).

12- باسم شمران العطواني، خبير ومدرب لغة الإشارة قناة العراقية الاخبارية، مدير مركز الامام الحسين التخصصي للصم، كربلاء المقدسة،العراق.

13- بدر عبدالطيف الدوخي:نظم وقواعد لغه الاشاره الكويتية، شركة المتحدة للتوزيع، كويت، ٢٠٠٢،

14- حسام احمد قاسم(2007)، تحويلات الطلب ومحددات الدلالة القاهرة دار الاوقاف العربية.

15- سامى سعيد، محمد جميل، 2006، الغة الإشارة تواصل مع الحياة، جمعية أصداء لرعاية المعاقين سمعيا، الاسكندرية ، مصر،ط1.

16- سمير سمرين -محمد بنعلى (٢٠١٠)، قواعد لغة الاشارة القطرية العربية الموحدة، دار الشرق-الدوحة، قطر.

17- صالح الفرماوى و محمد الشاوش (١٩٨٥)، درس فى الالسنبية العامة الدار العربية للكتاب، ط٢، ليبيا.

18- صالح بلعيد (٢٠٠٢)، النمو الوظيفى ، ديوان للمطبوعات-الجزائر.

19- محمد سمير الشاوي،2009، الخطابة والخطيب، ط1، دار العصماء، سوريا، ديمشق.

20- النمو اللغوى لدى المعوقين سمعيا،٢٠١٢، د.عاطف عبدالله بحراوى،سهير ممدوح التل،ط١، زمزم ناشرون وموزوعون عمان/الاردن.

21- ناجي زكارنة، 2020، مدرب وخبير ومترجم لغة الاشارة في قنات الجزيرة الفضائية، قطر.

22- يعيش بن على ابن يعش،(2001) شرح المفصل للزمخشري-بيروت،لبنان دار الكتب العلمية.

23- Klima ,E & U , Bellugi , 1979, the signs of language Harvard University Press , Cambridge,MA.

24- Neidle,Carole (2002). Language Across Modalit ASL Focus and Question Constructions. Linguistics Variation Year book, linstock,press.

25- Padden,C.A. (1990), The Relation Between Space and Grammar in ASL Verb Morphology, In:G.Lacas(ed) Sign Language.

26- Research: Theoretical Isere's, Gallandet University press, Washington D.C.

27- Ruben,R.(2005): sign Language : Its History and Contribution to the understanding of The Biological Nature of Lnaguage. Acta Oto-Larygnological.

28- Smith,D. (2007). Introduction to special education.making a difference. Boston: Allyn and Bacon.

29- Steven pinker, the kamplete idiots gude to grammar and style-2003.
30- Stoke,W. (1993). Sign Language Structure: an outline of the Visual Communication System of the American Deaf . lins
31- Tony,.(2005): Fingerspell: Let your Fingers Do The Talking. 7Th ed,wards Word Thomson Learning, Belmond. U.S.A
32- William G Hall .1994, what is interrogative mode ? Cambridge University Press.